# ئازادی کۆمەڵگە
FREEDOM OF SOCIETY

ژمارە(٥١) پاییز(٢٠٢٦)

سیاسیـــــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە






## کۆمین بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە

جەمیل بایک



## بۆکچین و ئۆجالان: دیالەکتیکی دیموکراسیی

جەنێت بیڵ



## ڕۆژئاوای کورستان: لە بەرداشی دەوڵەت - نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ

گفتوگۆ لەگەڵ ئاهین عەلی

## ڕێزێک بۆ شەهیدانی حەلەب

## هزرینی ئۆجالان: پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە

وریا ئەحمەد

## سرووشت وەک بنەچەی ئەخلاق

پیتەر کرۆپۆتکین

## شکستی حوکمرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک

سیڤان سەعید

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥١ پاییز ٢٠٢٦



ڕێزێک بۆ

# شەهیدانی حەلەب

شەهیدان:

زیاد حەلەب

دەنیز چیا

ڕۆژبین ئامارا

دلبرین قامیشلۆ

هاوار قەندیل

فەراشین عەفرین

**بەشداران**
جەمیل بایک
وریا ئەحمەد
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
هەیفا کەمال
هێمن کاکە
ئازادە ڕەحمانیی
دەشتی مەحموود
سوورێن ئیبراهیم
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییز ٢٠٢٦
**٥١**



**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

کۆمین؛ بنچینەی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنیتەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

هزرینی ئۆجالان؛ پێواژۆی بەکۆمەڵگەکردنەوەی کۆمەڵگە
وریا ئەحمەد ........ ٣١

سرووشت وەك بنەچەی ئەخلاق
پیتەر کرۆپۆتکین ........ ٧٧

لە تاکگەرایی لیبراڵەوە بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆناڵ
عەلی ئەحمەد ........ ١٠٩

پاراستنی جەوهەری، بنەمای ناسنامەی ئازادە
زەینەب یەشیل ........ ١٦٥

بۆکچین و ئۆجالان؛ دیالەکتیکی دیموکراسیی
جەنێت بیل ........ ١٩٧

سەبارەت بە ڕەگەتۆپ، فەزای تەخت، ماشێنە جەنگییەکان و میدیای نوێ
ڤیرینا ئەندرمات ........ ٢٢٣

شکستی حوکمڕانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسۆی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیك
سیڤان سەعید ........ ٢٥١

ڕۆژئاوای کوردستان؛ لە بەرداشی دەوڵەت – نەتەوەی بەعسەوە بۆ ئاسۆی ژیانی کۆمۆناڵ
گفتوگۆی ئازادیی کۆمەڵگە لەگەڵ ئاهین عەلی ........ ٢٨٩

ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!
سوورێن ئیبراهیم ........ ٣١٥

ڕانانی پەرتووکی مانیفیستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی
هەردی دولبەر ........ ٣٤٣

FREEDOM OF SOCIETY

## پێشەکی:

دەسەڵاتە ناوەندییە کلاسیکییە، ناکۆمەڵگەیی و باوکسالارییەکان، لەسەر لێواری خەرەندێکن، چونکە شتێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەری دەرهێناوەتەوە، شتێک کە لانیکەم لە سەد ساڵەی قەسابخانەی دەوڵەت-نەتەوەدا هەمیشە لابراوە: کۆمەڵگە. کۆمەڵگە بەپێی ڕاستینەی خۆی و چاندەکەی، تا دێت ناپێویستبوونی پەرگاڵە ناکۆمەڵایەتییە دەسەڵاتگەرەکانی لا ڕوون دەبێتەوە.

هەر ئەمەش پێش کردە و جووڵە، پێویستیی بە وەڵامێکی تیۆریی و داڕشتنەوەیەکی تری سیاسیی و کۆمەڵایەتییە وەک نەخشەڕێی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەرانبەر هەرسێ ئەسپسوارە مەحشەرییەکە: سەرمایەداریی و پیشەسازگەرایی و دەوڵەت-نەتەوە.

لەم گێژاوەدا، ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان لە پێواژۆی خەباتی سەدساڵەی سۆسیالیزمدا، سەرچڵییەکی تیۆریی دەکات؛ ئەو وەک هەڵهێنانی مەتەڵی ستەمکاریی، بە گوێی کۆمەڵگەدا دەچرپێنێت: «تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتیی، بریتییە لە ململانێی نێوان کۆمۆن و دەوڵەت». شەڕی چینێکی سەردەست و زۆرینە لەگەڵ جڤاکە هەمەچەشنە چەوسێنراوەکەی کۆمەڵگە.

ئەم ژمارەیەی «ئازادیی کۆمەڵگە» ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنەیە بۆ ململانێی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵاتە چەپۆکسالارەکانی دەوڵەت و سەردەستەکان، کە تێیدا ڕێگەی ڕزگاریی بە ئازادیی ژن و ئەنتیگراسیۆنی دیموکراتیک دەستەبەر دەکرێت. ژمارەکە بە خوێندنەوەیەکی بنکۆلێئاسا و هەمەلایەنەی کۆمین وەک وەڵامی دەسەڵاتگەریی کەمینەی دەوڵەتەوە دەست پێ دەکات و تا ڕوانگەی چارەسەرسازی کۆمۆناڵ و ڕۆڵی میدیا و ئەگەری ڕزگاریی لە تۆڕەکانی چاودێریی دەسەڵات درێژ دەبێتەوە. هەروەتر، هەوڵی درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پێشەنگانی ئەنارشیست دەدات و بە خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ دوامانیفێستۆی ڕێبەر ئۆجالان، ئاسۆی بەرجەستەکردنەوەی سیاسەتی کۆمۆناڵ لە ڕۆژئاوای کوردستان دەخاتە ڕوو.



# ئەو کوڕەی نایەوێت ببێتە پاشا!

## ‹ئەشکەوت و پاڵەوان›

«هەموو شۆڕشگێڕێک سەرەتا کوڕێکی سەرچڵە، شۆڕشگێڕێکە دژ بە باوک.»

‹ئۆتۆ ڕانک›

«کەس نمەزانۆ ئەسڵ تۆ جە کۆن.» ‹شانامەی کوردیی›

سووریێن ئیبراهیم

## بۆ شەهید؛ ئاگر سەرهەڵدان...

### سەرەتا ئاو هەبوو

بە وێنەیەکی ڕێبەر ئۆجالان دەست پێ دەکەم، لە نێو ڕووبارێک مەلە دەکات، نیگای لە کامێرا بڕیوە، لە نێوان خێسە و ئومێد و نارەزایەتیی و مەتینییدا، نیگایەک کە بە منداڵییش هەر هەیبوو، تا سەر شانەکانی ئاو، وێنەکە چمان شەپۆلان دەدات و ئاو دەبزوێت، هیراکلیتۆس وتبووی؛ هیچ کەسێک دووجار قولەپێ ناخاتە نێو هەمان ڕووبار، ئەو هیراکلیتۆسەی تەڤگەری ئاپۆیی بە پێشەنگی بیری دیالەکتیکیی دەزانێت، دەی... ئەم وێنەیە ئەمڕۆ خۆی لە پێناسەکەی ڕۆلان بارت بۆ وێنەی ناهونەریی ڕاپسکاندووە، چونکە وێنەکە خۆی تا ئەمڕۆ درێژ کردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە مانشێتی وێنەی هەواڵیی لای بارت دەربازی بکەین، لە ژێریدا دەنووسین: سەرەتای هەموو شتەکان ئاوە. ئاوێکی ئوستوورەیی. ئەو ئوستوورانەی خودی ئاپۆ پێی وایە: چنراوی مانایین و بەرهەمی بەکۆمەڵگەبوونن.

بۆ من ئەمە وێنەی گەشتێکە: ئەوەی لە ئوستوورەناسییدا پێی دەڵێن؛ گەشتی پاڵەوان و فرەتر چیرۆکەکە لە ئاوێکەوە دەست پێ دەکات. جۆن کیتس لە پەسنی شکسپیردا بەمە دەڵێت: سەفەری دەریایی ڕۆح.

ئاو پاکبوونەوەیە، پاکبوونەوە لە جیهانی کۆنەساڵ و پێهەڵگرتن بۆ جیهانی تازەساڵ لای میرچا ئەلیادە، چیرۆکی ئۆجالان چیرۆکی جێهێشتنی ماڵی باوک و گەڕانەوە بۆ تەڕایی سرووشت-زێ-دایک-ئەشکەوت. ئەویش وەک چەشنێک بەزەینداهێنانەوەی ئەوەی وا چەپێنراوە... ئەو لە دوامانیفێستۆی خۆیدا ئەمە وەک هەڵهاتن و گوناهێک بەرانبەر قەدەری شارستانییەتی پێنج هەزار ساڵە لێک دەداتەوە:

**کەلتووری حەزرەتی ئیبراهیم بەرانبەر نمروودی پاشای سۆمەرییەکان، نوێنەرایەتیی بەرخۆدان و جیاوازیی دەکات... لەم بوارەدا ئایا دەکرێت بگوترێت پەکەکە بزووتنەوەیەکی ئیبراهیمیی هاوچەرخە؟**

بۆ ئەوەی ڕێ بۆ شرۆڤەکەم خۆش بکەم، هەوڵ دەدەم شاڕێیەک لە نێوان سیاسەت و دەروونشیکاریی و ئوستوورەشیکارییدا خۆش بکەم، شاڕێیەک، کە ڕەنگە زەینی کلێشەساز و وڕێنەسازی ڕۆشنبیریی کوردیی، دەمودەست بە «کوێرەڕێ» و چەوتکاریی سیاسیکردنەوەی فیکر و نووسینی بزانێت! میلادن دۆلار لە جێیەکدا سیاسەت و دەروونشیکاریی لە وێنەی یەک شەنوکەو دەکات، بەو پێیەی هەردووکیان لەرزین و هەژان و هەژەندێک دەخەنە نێو دۆخی میتافیزکیی و گوتار و دەزگای ئایدۆلۆژیی باوەوە، جا ئەدگاری «تاقانەیی»یان لە باڵا هەڵدەدووریت. تاقانە، لە کوردییشدا لەگەڵ هاوواتاکانی ئاوانگارد و هەڵاوێرد و سەرباشقە و سەرتەڵ و هتد..

ـیش یەک و جووت دێتەوە، تاقانەیی سەمپتۆمە دژەکوردەکان، کە جارێک پاساوەکەی فەڕی یەزدانە و جارێک خەلافەتی عوسمانیی و سۆسیال/فاشیستی بەعسی عەرەبیی و هتد... وەک تاقانەیی و هەڵاوێردەیی ئۆجالان، کە نالیی واتەنیی؛ دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر، یەک خەفی یەک ئاشکار، جا تا «ئاشکار» ببریسکێتەوە، لەولاشەوە «خەفی» وەک پێوارێکی هەمیشەیی دەبزوێ و هەیە و دەجووڵێ. وەک بێژیت؛ دیوێکی سیاسیی بێت و دیوەکەی تریشی بە هەڵکەوتێک، بەشێکە لە دیالەکتیکی مێژوویی و زەینیی بزاوتی دیالێکتیکی بندەستان و وەڕاستگەڕانی میراتی دێرین لای فرۆید و ئارکیتایپ لای یۆنگ.

لێرەدا چیرۆکی یەکێک لەو میتۆلۆژیا پاڵەوان تەوەرانە شیتەڵ دەکەم وا بەپێی ڕانک، هەمیشە باوک کاڵ و کاڵتر دەکەنەوە، بۆچی ئەمە دەڵێم؟ تا بتوانم خوێندنەوەیەکی ئوستوورەیی – دەروونیی بۆ کاراکتەری تەڤگەریی ئاپۆیی بکەم؛ وەک پۆڵ ڕیکۆر بۆ دەروونشیکاریی دەیوت، من ئوستوورەشی سەربار دەخەم؛ دەروونشیکاریی/ئوستوورەناسیی تەنێ گرێدراوی دەروونی تاک و کۆمەڵ نییە، بەڵکە کەلتوور و شارستانییەتەکانیش شیتەڵ دەکات. فرۆید دەیوت؛ هەرێمی نائاگایی بۆ یاریی و خەون و تەتەڵەی زمانەوایی سنوورمەند نییە، بەڵکوو ئوستوورەکانیش لەم پێڕەی دەلاندنە نەستەکییەکانن، جا لەم بەستێنەدا بە ئۆتۆ ڕانکیدا هەڵگوتووە، چونکە ڕانک بە دەستپێچی ئوستوورەکان، پردێک بۆ نێو توناوتوونە نەستەکییەکان ڕادەهێڵێت. نەبیل مولحیم کاتێک ئاپۆ

دەبینێت، دەڵێت: ناکرێت ئەم پیاوە و کێشەکە تێکەڵ نەکەین. بۆیە شرۆڤەکە پتر ڕووی لە پاڵەوانە دەرەشارستانییە مێژووییە وا دژەی پیرۆزاندنی دەسەڵات و هەڵژەندنیانە لە ئوستوورە: کورد، ئەویش لە ڕێگەی ئاپۆوە. ئوستوورەشیکارییش وەک سیستەمێکی نیشانەیی، لە وێنەی میتۆدێک بۆ شیکاری پرسی کورد بەکار هاتووە.

منداڵێک لە نێو پەرگاڵێکی دڕکاویی و دۆگماتیک و داخراوی وەک دەوڵەت-نەتەوەی تورکییدا لەدایک دەبێت، کە لەوپەڕی دۆخی پارانۆیایی خۆیدایە لەمەڕ: کورد! جا ئەم لەدایکبوونە هەڵەیە، منداڵێک بە ئازادیی لەدایک نابێت، لەدایکبوونە لەنێو هەلومەرجێکدا کە دەوڵەت لەدایکبوونەکەی ڕەخساندووە، پرسیارە لە گومانهەڵژەنراوەکان لەدایکبوونەوەی بەردەوام دەکەنە ناچاریی. ڕانک واتەنی لەدایکبوونێکە کە سیما بنەڕەتییەکەی تراومایە. وەک دەرکراوێکی ئەخلاقیی و سازێکی ناکۆک لێل پێوەرە کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقیی و سیاسییەکانی باوک و بەشێک لە تاریکایی ئید، هەمیشە دەبێت سەرقاپ بنرێت. یەکەمین پێهەڵگرتینیش بە ناکۆکیی دەست پێ دەکات. دەوڵەت وا باوکی خاڵکوت کردووە، کە ئاپۆ گەرەکێتی دەوڵەت لە کەسێتیی باوکیدا بکوژێت: باوکم هێندە لاواز بوو، هەرگیز نەمویستووە وەک ئەو بم. میتۆلۆژیا لە گەشتی پاڵەوانی ئوستوورەییدا ئەمەی ناو ناوە «لەدایکبوونەوەیەکی تر»، ئەویش لە سکی نەهەنگ و منداڵدانی جیهان-ئەشکەوتەوە. دۆخی پاڵەوانی ئوستوورەیی بانگەوازیی هەلومەرجی شۆڕشە، کە هانا ئارێنت بە «لەدایکبوون»ـی دەچوێنێت، چونکە یاخیبوونی پاڵەوان بەپێی ئوستوورەناسیی، قەدەغەشکێنییە لە نێو دەسەڵاتی مۆنارشیی/پاشاسالاریی.

## تابۆی لەرزیو و کاڵی باوک

میلادن دۆلار دەیوت؛ هەموو دەسەڵاتێک لە بنەوەڕا بەپێی مۆدێلی باوک بیچمی گرتووە. ئەو هێندە لەمەدا دڵنیایە، کە دەڵێت؛ بۆ ئەمە پێویست ناکات فرۆید لە گۆڕەکەی دەربێنین تا ئەمەمان بۆ سەرراست بکاتەوە، ژیانی دەروونیی هەموو مرۆڤێکیش لە نێوان سەرهەڵدان و ملکەچیی بۆ سۆپەرئیگۆدا هەڵدەسووڕێت، کە پاشان فرۆید بە جێگرەوەی باوک ناودێری دەکات.

لێرەدا دەمەوێت، پێچێک بەم تێزە لێ بدەم و بیکەمە دەساوێژی شرۆڤەی تەڤگەری ئاپۆیی وەک ئەو منداڵەی ماڵ جێ دەهێڵێت. ماڵ وەک پێناس و کراسێکی شارستانییەت کە لەبەری کورد هەڵدووڕاوە. تەڤگەری ئاپۆیی ئەو هۆشەیە کە دەزانێت لە ڕیالیتەی خۆی نامۆ کراوە و دەستی بەسەردا گیراوە: هاتنەجیهانی کورد!

لە سەدەی بیستدا ئایین و ئۆتۆریتە و سوننەت، بۆ کوردان ئەو سێ شاپایەیەن وا چنگ و چەپۆکی دەسەڵاتیان وەک تاپۆ لە سەر ڕاسەری کوردان داگرتووە، ئۆتۆریتە وەک هانا ئارێنت دەیوت؛ چەشنە دەسەڵاتێکی مەعنەوییە، بۆ کورد، ئەم دەسەڵاتە مەعنەوییەی نەتەوەی سەردەست لە تێهەڵکێشی سێکوچکەی پیرۆزی «یەزدان، دەوڵەت و پارە»دا بۆ چڵەپۆپە هەڵکشاوە. بەو پێیەی کوردان بیرەوەرییەکی زۆریان لە کەساندنی دیکتاتۆرەکاندا هەیە: سەدام بە گلگامێش و سەنحاریب، قاسم سلێیمانیی بە ئارەشی کەمانگەر و ئەردۆگان بە خورافەی تێزی زمانی خۆری تورکەکان و گورگی گوێقوڵاغ. لە سەدەی بیستدا مۆدێرنیتەی

سەرمایەدارییش بووە دەستپێچ و پێچاڵی ئەم دوو توخمە و وەک سێیەمین کۆڵەکەی ئەم ئاشی خوێن و هاڕینەی کورد، ڕۆڵی وازیی کرد. چونکە دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕاسەری کورد، ڕایەڵەکانی خۆیان لە نێوان دەسەڵاتی ماددیی و مەعنەویی «یەزدان و پاشا»دا ڕاگرتووە، ڕەنگە چواندنی بە سەردەمی دەسەڵاتی سیاسیی و ئایینیی «پاشاخوا» بەپێی پۆلێنی میتۆلۆژیی، ئەم پرسە ڕوونتر نیشان بدات، چونکە ئیتر شا یان بە شێوەی ژێرەوانکیِ خوایە، یان بە ئاشکرا بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە نوێنەری خوایە و فەڕی یەزدانیی وا لە نێو ڕەگەما و خوێن و تۆرەمەی. خواش هەر دەرهاوێژی وێنەی باوکە. ئانارشیستە سەرەتاییەکان هەرزوو ئەمەیان ڕوون کردەوە، کە بنەمای «مافی یەزدانیی» شابنەمای ڕاگرتنی دەوڵەتە و باکۆنین دەوڵەت و کڵێسەی بە ڕاگری ئەم چەشنە کۆیلایەتییە دەزانی. بۆ ئەوەی لە چیرۆکی ئاپۆ تێ بگەین، گەرەکە تێکڕای مێژووی کوردان وەک ئەو شەوە پڕ ترس و بەسامەی هیگڵ تەماشا بکەین وا بۆ پێناسی سەدەکانی ناوەڕاست بەکاری دێنێت، کە باوکێک هەمیشە دەستی بەسەر ئارەزووەکانیدا گرتووە. لە «مانیفێستۆی ئاشتیی و کۆمەڵگەی دیموکراتیی»دا ئۆجالان پێی وایە؛ سەرەتا تاکخوایی لە بەرگێکی ئوستوورەییدا بیچم دەگرێت، پاشان دەوڵەت و دەسەڵات و چینایەتیی، خۆی بەم ناوڕێژکردنە پەردە لە ڕووی ئەو باوکە پیرۆزێنراوە ئوستوورەسازانە هەڵدەماڵێت: خواوەندی دەمامکدار و پاشای داپۆشراو، لەمەڕ سیاسیکردنەوەی ئەم باوکەی کوڕەکان لێیان یاخیی دەبن؛ فرۆید لە مووسا و تاکخواییدا

دەبێژێت؛ هەمیشە وەک خواوەند لە پاشاکان هەڵڕوانراوە. ئاپۆ لە دوامانیفێستۆیدا خۆی لە بارەی باوک و دەزگای خێزانەوە دەڵێت: ئێمە لەوە تێدەگەین باوک کێیە؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە سەرەتا باوک بوونی نییە، خێزانی پیرۆز چیرۆکە! هیچ خێزانێکی پیرۆز نییە. ئوستوورەشکێنیی وێنای باوک لە چوارچێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتی سەرمایەدارییدا خۆی لەم پێناسەدا مەڵاس داوە.

سەرپاکی پەرگاڵە میتافیزیکییەکانی سەر ڕاسەری کورد، لە فەڕی یەزدانیی شاهەنشایی فارسییەوە بۆ خوێندنەوەی عەرەبیی و ئیسلامیی بۆ مێژوو لای عەرەب، لە تیۆرەی نەتەوەی خۆری تورکەکانەوە بۆ کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوایی، تێکڕا لە ئاستی کورددا وەک پاساوێکی ئاسمانیی و دەوڵەتخوای باوکسالار ڕۆڵ وازیی دەکەن، تێکڕا لە ئاستی شتێکدا کە هەمیشە کەمترە لە سووژەیەک، لە کورد دەنۆڕن، تیۆلۆژیای سیاسیی نەختوپوخت لە سەر جەستەیەک بە ناوی کورد، تاقی کراوەتەوە. ژان مار بەم گەلەی دەوت: گەلی فەرامۆشکراوی نێو مێژوو.

گەر بە زمانی ئۆتۆ ڕانک بدوێین، ئەو ئوستوورانەی سەردەستەکان باڵادەستیی خۆیانی پێ پاسەدان دەکەن، سەرەتا لە بارودۆخێکی مرۆییدا خەملیون و پاشان بۆ پاوان و چەپۆکسالاریی و تالان، بۆ ئاسمانیان هەڵکشاندوون و ناوێکن لە ناوەکانی باوک. ئەو سێکوچکەی: باوک، پاشا، ستەمکار بە ناوی باوک پێناس دەکات.

ئیلاهیاتی سیاسیی دەوڵەت-نەتەوەکانی سەدەی بیست، ئاو لە بیرۆکەی تێهەڵکێشبوونی دەنگی پاشا و یەزدان دەخۆنەوە

لە سەدەی هەژدە، جا بە خوێندنەوە و پاساوێکی مێژوویی-میتافیزیکیی، ئێستا و ئاییندە دادەپۆشن و ناوڕێژی دەکەن. شمیت پێی وایە؛ یەکێک لە کۆڵەکەکانی لیڤیاتانی هۆبزیی، خودایەکی مەزنی پێوارە و سەر بۆ لاهووتی سیاسیی و میتافیزیکیی دەکێشێت. ئەمەش دەوڵەت بەرەو ڕۆمانسیزم و عیرفانی سیاسیی دەبات و دەیکاتە دەعبایەکی ئیلاهیی، هەروەتر ئەو سەرمایەدارییەی بووە بە بنەوانی میتافیزیکیی ئەم چێوە دەسەڵاتگەرە، بە پێودانگی دۆست/دوژمن دامەزراوە.

سەربار؛ هەموو دەسەڵاتەکان لە بیچمی باوکدا خۆیان ڕەنگڕێژ و ناوڕێژ دەکەن.

ئەم هەلومەرجە خۆبەخۆ ڕۆڵی ئەو منداڵە ڕاپەڕیوە دەدات بە کورد، کە لە مێژووی پێنج هەزارساڵ داگیرکارییدا سەرچڵ و یاخیی، لە سەرتاپێی ئەم سیستەمە میتۆلۆژییەی «باوک» هەڵدێت وا بە قەولی یاسپەرس، کۆمەڵێکی سرووشتییە و لە دەرەوەی مێژوو دەمێنێتەوە، مێژووی هەر ئەوەی نیچە ناوی نا بوو ئەقڵی ئاپۆلۆنیی، یان یەکێتیی نێوان ڕامانی ئەفلاتۆن و پەرگاڵی ئۆلیگارشیی و چینایەتیی یۆنانییەکان، لێ ئەم منداڵە «کورد» هەمیشەش دەگەڕێتەوە! لازاریف کورد بە سەرهەڵدێر و یاخی نێو مێژوو ناودێر دەکات. کەواتە ڕەنگە کەس لە ئۆتۆ ڕانک باشتر ئەم منداڵە نەناسێت، با باسی ئەم منداڵەی وا لە چەپۆکی ئەقڵی ئاپۆلۆنیی و میتافیزیکی چینایەتیی دەوڵەت خۆی ڕاپسکاندووە، بکەین.

## من کاڵای زیندووی تۆ نیم!

ئەم پەرگاڵە ئوستوورەتەوەرە گەلانی ژێردەست و کەمینەکانی کردووە بە پاشماوە و زێدەڕۆ/پاشەبارەی ئەم دەوڵەتە مۆدێرنانە و لە ماف داماڵران و وەک دۆخی ئاوارتە مامەڵەیان لێلا کراوە. دەسەڵات تەنێ سەرتوێژی دەسەڵاتگەری پیرۆزێنراو دەگرێتەوە و جڤاکەکان ناسیاسیی و داوەشاو دەکات.

کوردە باشەکان گەر بە زمانی ئیدوارد سەعید بدوێین، لە واقعدا بوونیان نییە. بەڵکوو خواستی دەوڵەتخوا ئوستوورەتەوەرەکانە بۆ ئۆبژەیەکی ئارەزووکراو: کورد، بۆ وێنایەک کە ڕۆژانە دەبێت دڵنیایی بداتە دەوڵەت و هەیتا هەیتا دەکۆشێت خۆی بگەیەنێتە ئەو وێنا گریمانەییە دەستپێڕانەگەیشتووە ئارەزووکراوەی دەوڵەت. کارەکەی ئۆجالان تێکدانی پەیوەندیی سووژەیەکە بە شتێکەوە، وەک ئەو پێناسەی مووسا کە بە شکێنەری دەرگاکانی باوک پێناس دەکرا. وەک ئارەزووی پیاوێک «دەوڵەت» بە جەستەی ژنێکەوە «کورد»، ڕقی دەوڵەت لە ئۆبژەی ئارەزوو «کورد»، ڕقە لە ئارەزووە تاریک و چەپەڵ و شێواوەکانی نێو نێواخنی دەوڵەت کە دۆخی پارانۆیایی خۆی ئاڕاستەی بوونەوەرێکی گوناهبار؛ ‹بزنی بەلاگەردان›ی پەڕتووکە پیرۆزەکان، دەکات. تێکڕای کوردی کلاسیکیش لە ئێستادا «ماڵی بارزانیی» هەڵخولانە بەپێی ئەو نیگارەی سووژەی ئارەزووکەر لێیان دەخوازێت، لێرەدا دەبێت دەستەواژەی «کاڵای زیندوو»ـمان لەبیردا بێت. تا دواسنوور دەسەڵات «دەسەڵاتی سەروەر و دیسپلین و بایۆدەسەڵات» جەستە

و زمـان و فـۆرم و ناوەڕۆکـی کوردانـی داڕنیـوە، تـا ئـەو نیـگارەی لـێ داتاشـیت وا ئـارەزووی دەکات و یاسـای نوێ بە پنتاوپنتی ئـەم جەسـتە «کاڵا و شـمەکە زیندووە=کورد»ـەدا شـۆلاوە ببەسـتێت. ئەمـە دۆخـی شـیزۆفیرینیی دەوڵەتـە لەمـەڕ وێنـە و تاپۆ و واتەواتـی بوونەوەرێکـی بێگانـە، «کـە لـە پڕوپاگەنـدەی سـۆمەرییەکانەوە تـا تۆڕەکانـی میدیـای دەوڵەت-نەتـەوە هاوچەرخـەکان، وەک هێلکـەی تیامـات، ئەژیدەهـاک، ئەهریمـەن پێنـاس کـراون: بەشـێک لـە ئیـدی فرۆیدیـی»، جەسـتەی شـتێک-بوونەوەرێک، تـا ببێتـە بـەو پـردەی دۆخـی مەعنەویـی و میتافیزیکیـی باوکـی ئوسـتوورەتەوەری لەسـەر ڕاگرن، جا بـەم پێودانگـە میرچا ئیلیادە واتەنی؛ دۆخـی هەنووکەیـی خۆیانـی پـێ هاوسـەنگ بکەنـەوە، ئەویـش بـە ڕاکێشـانی بەردەوامـی کوردان بۆ نێو پانتایی ڕەمزیی تورکێتیی و ئێرانێتیی و عەرەبێتیی. ئەم ئۆبژە مێیە، ئەم کوردە کەسنەدیو و غەریبەی هەرچوار دەوڵەتی بـاوک، گەرەکیانـە وەک ئۆبـژەی مێـی خۆیـان لـەوی تـری بسـەنن. بەهـۆی ئـەم باوکەخوایـەی دەوڵەتـەوە، تووشـی دەروونپەشـێوییەکی مێژوویـی و سیاسـیی و کەلتووریـی سـەرتاپاگیر هاتـووە.

لـە سـەر ئاسـتیی واقعیـی سیاسـیی، ئەمـە هەلومەرجێکـی سـاچاندووە کە؛ دەکرێت وەک دۆخی ئەو «کەمپ»ـەی فەیلەسـووفی ئیتاڵیی، جۆرجۆ ئاگامبێن، بەرباسـی دەدات، تێی هەڵڕوانین، کەمپێک یەکبین لە «دۆخـی نائاسایی» و «دۆخـی ناوازە»ـدا دەژیی. دۆخێک لەناویدا هیچ بوونەوەرێک خاوەنی هیچ جۆرە مافێک نییە، بە مافی هەبـوون و پاراسـتنی ژیانیشـەوە و ڕۆژانـە دەکرێتـە قوربانیـی! بـە

زمانـه میتۆلۆژییەکـە؛ دیـاردەی قوربانیـی، پێداویسـتییەکی فیزیکیـی نییـە، بەڵکوو لـە چەشـنە یەزدانناسییەکی ئایینییـەوە داڕسکاوە، ئەمـە دەرگـە لـە سـەر چەشـنە یەزدانناسییەک لـە بنەوانی ئایدۆلۆژیی ئـەم نەتـەوە سەردەسـتانەی سـەر ڕاسـەری کـورددا دەکاتـەوە دژ بـەو بوونـەوەرەی ئاپۆ واتەنی دۆخی بندەستیی هێشـتا نیوەی لـە دۆخی ئاژەڵێکـدا هێشـتووەتەوە: ئاژەڵـی قوربانیـی یـەزدان. ئاپـۆ کاتێـک دەگاتـە ئـەوەی وەبـەر خوێندنـی نێـن، دەپرسـێت: مامۆسـتا کێیـە؟ داخـۆ مامۆسـتا ئاژەڵێکی دڕندەیـە و دەیەوێت بمخـوات؟

جـا لێـرەدا دەرکەوتـن و سـەرهەڵبڕینی ئـەم منداڵـە وەک مەزنترین هەڵوەشـێنەرەوە و شـاکوژیی (دەوڵـەت – پیاوسـالاریی – پیشەسـازگەرایی) سـەدەی بیست جێی باس دەبێت، دەوڵـەت؛ وەک یەکێـک لـە ناوەکانـی بـاوک. لـە پـڕۆژە فیکریـی و سیاسییەکەشـیدا هەڵتەکاندنی دەوڵـەت و پێکەوەنانی وردە خۆبەڕێوەبەریی ئاسـۆیی بـە تەنیشـتی یەکـەوە لـە نێو پانتایی دەوڵەتـدا، چڵەپۆپـەی کونکردنـی میتافیزیکـی دەوڵـەت و گەورەتریـن خواکوژیی/شـاکوژیی تێکـڕای سـەدەی بیسـتە. سـەبارەت بەمـە جارێکیـان یاڵچین کوچـوک وتبووی؛ ئاپـۆ وەک بلـدۆزەر دەچێتـە مێشـکی کـوردەوە.

### ئۆتۆ ڕانک چۆن بیر لە ئاپۆ دەکاتەوە؟

ئۆتـۆ ڕانـک یەکێکـە لـە خوێنـدکارە یەکەمینەکانـی فرۆیـد. ئـەو لـە پەڕتووکـی «ئوسـتوورەی لەدایکبوونـەوەی پاڵەوان»ـدا ڕیزێـک ئەفسـانەی کەونـاری مێژوویـی مرۆیـی، لـە ئێراقـی مامانـی

«شارستانییەتی سەرمایەداریی»ـەوە بۆ سـەرزەمینەکانی تر، وەک شـاهێمایەکی سـەرتاپاگیر ڕێـز دەکات و بـە چڕبوونـەوەی یـەک هێمـای تاکانەیـان دەچوێنێت کە لـە «کـەوڵ و بیچمـی هەمەچەشندا دەردەکـەون.»، بەپێـی تێزەکـەی ڕانـک، پەیوەندیـی پاڵـەوان لەگـەڵ دەزگای خێزانـی یەکانـەی «بـاوک – دایـک» شـێواو و ئاڵـۆزە و پاڵـەوان بـۆ ناسـنامەی ڕاسـتەقینەی خـۆی دەگەڕێـت، منـداڵ «پاڵـەوان» پێـی وایـە لـە بنەماڵەیەکـی خانـەدان و پاکـە و لەبـەر چەنـد هۆیەکـی تەمومژاویـی لێیـان جیا بووەتـەوە و وەک زڕەمنـداڵ و ڕادەسـتی ئـەم بنەماڵەیـە کـراوە، ئەمـەش بـۆ ئـەو مایـەی شـەرم و سـەرکوێرییە، ئەدۆڵف باسـتیان پیی وابـوو؛ لێکچوونـی چیرۆکـی ئـەم پاڵەوانانـەی واقـع هەڵدەتەکێنـن و نامۆیـی پـەرچ دەدەنـەوە، بـۆ سرووشـتی یەکسـانیی زەینـی مرۆیـی دەگەڕێتـەوە، جـا بنەواشـەی ئـەم چیرۆکانـە دەگەڕێنـەوە سـەر دۆڵـی دووئـاوان و میزۆپۆتامیـا، بـەو ڕەنگـەی بەپێـی تێزەکانی ئوستوورەناسـیی، لێرەوە قۆناغی پاشـا – پاڵەوان-یـەزدان دەسـت پـێ دەکات. لێـرەدا چ وەک نـاوەڕۆک و چ وەک فـۆرم، ئوسـتوورە و خـەون ئـاو لـە یـەک سـەرچاوە دەخۆنـەوە. ڕانک پێـی وایـە؛ ئـەم پاڵنەرانـە توخمێکـی نەخۆشئاسـایان هەیـە و ئەم پاڵەوانانـە وەک خەونـی گـەل پێناس دەکات. جۆزێف کەمبڵ ‹بانگەشـە بـۆ سـەرچڵیی› بـە یەکـەم پێـواژۆی گەشـتی پاڵـەوان دەزانێـت، لـە بنەڕەتـدا پاڵـەوان پێـی وایـە کـوڕی خوایـە، بـەڵام ئۆجـالان دەڵێـت؛ مـن کـوڕی خۆمـم، پاشـان دەچێتـە دیداری خـواژن، تـا نـاز و فـەڕی منداڵیـی وەدەسـت بهێنێتـەوە:

هەموو دارێکی بڵند هێلانەیەکی منی بە سەرەوە بوو... هەمیشە بەسەر دارەوە بووم... جارێکیان بەسەر دارێکەوە بووم، وتووێژم لەگەڵ برادەرێکم دەکرد، پێم وت؛ پێویستە لە پاشەڕۆژدا کودەتا بکەین.

چیرۆکی «سارگۆن، مووسا، ئۆدیپ، پاریس، زیگفرید و مووسا و و هتد...» نموونەی باڵکێشی هەڵهاتنی پاڵەوانە لە باوک «دەسەڵات» و خۆسپاردنە «ئاو، سرووشت، دایبابی خەیاڵیی، سیمرغ و قەلەڕەش و مار، چیا، ئەشکەوت»، هەمان چیرۆکی ئایینیی میترایی و کورد، ئەویش لەبەر جیهانە هێمارێژەکەی ئەم ئایینە، لە وێنەی مار و ئەشکەوت و سرووشت. جا پاشان دەگەڕێتەوە تا تۆڵە لە باوک بکاتەوە، لە شرۆڤە یاسایی و ئەکادیمیی و ئایینییەکانی نێو دەوڵەت - نەتەوەدا، دەوڵەت وەک باوک و وەلی ئەمر و ڕۆحی جیهان، نیشان دراوە، وەک نوێنەری یەزدان لە سەر زەوی، هەر ئەو دەوڵەتەی، کە بە قەولی پۆپەر، هیگڵ پێی وابوو؛ «ئایدیای یەزدانە لەسەر زەوی، بۆیە دەبێت وەها گوێڕایەڵیی لێ بکەین، وەک ئەوەی مانیفێستی یەزدان بێت لەسەر زەوی، دەوڵەت مارشی خودایە لەسەر ئەرز...» کۆی هەوڵی پاڵەوان ڕزگاربوونە لەو ناسنامە و تەپەسەردانەی دەزگای خێزان «خێزان لای ئۆجالان بەپێی نیگاری دەوڵەت مشتوماڵ دراوە» منداڵی پێ کۆت دەکات. ئوستوورەکان، بەپێی ڕاڤە دەروونشیکارییەکانی ڕانک، ئاڵتۆسێر واتەنی؛ بریتیین لە ئاوێنەی ناکۆکیی و بارگرژییەکان. ناکۆکیی بنەڕەتی ڕامان و ژیانی ئۆجالانە: گەر تێنەگەن من بوومەتە دیالەکتیکزانێکی باش، ئەوا هیچ لە من تێ ناگەن. هیراکلیتۆس لە

سـپێدانی فەلسـەفەوە کاتێـک لـە ناکۆکیـی نێوکـۆی هەمـوو شـتەکان ڕامابـوو، پێـی وابـوو ئـەم ناکۆکیـی و ململانێیانـە زەروورەتـن و وەک دۆخ و ڕێسـای یەکەمینـی سرووشـت ڕاڤـەی دەکـردن.

## پاڵەوانەکان

سـارگۆن باوکـی نییـە و ئاکـی خـوای ئـاو پـەروەری دەکات، مووسـاش کۆرپەلەیەکـی بێباوکـە و ئـاو دایـدەدات، غەیبـبێـژەکان لـە پێشـبینیی لەدایکبوونـی ئیبراهیمـدا، بـە نەمـروود دەبێـژن: منداڵێـک لەدایک دەبێـت و تـۆ سـەرت تیـا دەچیت، جـا ئیبراهیـم سـێ سـاڵ لـە ئەشـکەوتێکی ژێرزەویـی دەمێنێتـەوە، کـە وەبیرهێنـەرەوەی چانـدی میترایـی ئەشـکەوتە وەک جێـی پەرەسـتن لای کـوردان. گاماسـپ بـۆ دیـداری شـاماران بـۆ جیهانیـی ژێریـن و ئـاو دادەکشـێت، زیـۆس لـە ئەشـکەوتێک لەدایـک دەبێـت و بزنێـک پـەروەری دەکات. ئۆتـۆ ڕانـک لەبـەر دووپاتبوونـەوەی توخمـی ئـاو لـەم چیرۆکانـەدا، وەک شـلەمەنیی لەدایکبـوون و ڕەحمـی دایکـی شـرۆڤەی دەکات. سـەبارەت بـەم پاڵەوانـە فرۆید پێـی وابـوو؛ لـە بنـەوەڕا ئـەم منداڵە دژی خواسـتی بـاوک لەدایـک دەبێـت.

دەتوانیـن چیرۆکـی ئـەم شـاهێمایە ئـاوا دابڕێژینـەوە: خەوپەرژێنێـک پێشـبنیی دەکات، گوایـە لـە سـیپارەی چارەنووسـدا هەڵکۆڵـراوە؛ ئـەو کـوڕەی وا لـە سـکی دایکـی خـۆی ماتـە داوە، چارەنووسـی باوکیـی تەماویـی و خوێنـاوڵ دەکات و لەگـەڵ دایکـی دەبێتـەوە یـەک، جـا کاتێـک دێتـە ئـەم ژینـە، باوکـی یـان بـە ئاویـدا دەدات یـان لـە سـەرەڕێ

و چۆڵ و چیا و کێوان فڕێی دەدات. لە دامێنی سرووشت یان ئەوەی فرۆید بە دایبابی خەیاڵیی (Family Romance) ناوڕێژی کرد. ئەوانەی پاڵەوان پەروەردە دەکەن، هەموویان هێمای ژنانەن. لە ئوستوورەی پاریسدا پریامۆس شا، کوڕەکەی فڕێ دەدات و ورچێکی مێ پاریس بەخێو دەکات، لە شانامەی کوردییدا سیمرغێک زاڵی کوڕی سام بەخێو دەکات، کووررووش بە دەستی زڕدایکێک گەورە دەبێت بە ناوی ئەسپاکۆ، کە بە زمانی مادیی بە واتای دێڵەسەگ دێت. گلگامش و کوڕەکەچەڵەش دەستپەروەردەی هەڵۆن، ئەمانە توخمی پارێزەری پاڵەوانن. توخمە سرووشتییەکانی وەک دارستان و قووڵایی دەریا و شوێنی چەپەک و دوورەدەست، دەرکەوتەی نەستی مرۆیین. یۆنگ بەم لایەنەی دەوت ئەنیماس. بانگەشەکەی ئاپۆ لە دوا مانیفێستییدا وەک تێکڕای پاڵەوانە سەرچڵەکان ئەمەیە:

هێما یەکەمینەکانی خواوەند پیاوانە نەبووە، بەڵکوو ژنانە بووە، زمانی گفتوگۆ مێینە بووە.

گەر کوشتنی باوک لە نێو هەموو شارستانییەتێکدا پەپکەی خواردبێت، ئەوا هاوکات مافی دایکێتییش دەداتەوە بە پاڵەوان. ئوستوورەی لەدایکبوونی باوەیادگار لە ئایینی یارساندا ئەم پرسە ڕوونتر دەکاتەوە:

دایە سارا دەچێتە جەمخانە، نیازی جەمەکە هەنارە، جا گسکی جەمخانەکە دەدات، دەنکێک هەنار دەبینێتەوە و دەیخوات، ئیتر سکی پڕ دەبێت، سوڵتان سەهاک دەڵێت؛ با لەدایک بێت، باوێژی

دەکەینە نێو ئاگر، گەر سووتا ئەوە زۆڵە، گەرنا زاتە و جێنشینی منە، جا لەدایک دەبێت و سێ ڕۆژ لە نێو جەرگەی ئاگردا دەبێت و ناسووتێت، سوڵتان لە سەر دەستی ڕادەگرێت و دەڵێت: ئەمە یادگاری منە، کلامەکەش مەرەمۆ:

سەر هەنار بڕی وە شەرت پاکدڵ

بنیامین واتش وە حەق بی واسڵ

دانەی ڕۆی زەوی سوڵتان ئەقدەم

پەری نمایان پیر نەرگسچەم

یار یادگار زەردەی نویر شەم

ئێستاش؛ لە زۆرینەی ئەو شوێنانەی ئۆجالان باسی منداڵیی خۆی دەکات، لێکم دا و ئەم چیرۆکەم لێ ساز دا:

وەک تێکڕای ئوستوورە پاڵەوان-تەوەرەکان سەرەتای یاخیبوون لە خێزان، بە پرسیار دەست پێ دەکات: ئۆجالان دەڵێت بە دایکمم وت: ئەم دنیایە ئامادە نییە پێشوازیی لە من بکات، بۆچی منت هێنایە سەر دنیا. ئەو منداڵێکە و دەزانێت باوانی کێشەیان لەگەڵ تورکەکان هەبووە و ئەسپسوار و بەهێز بوون، لێ کاتێک دێتە سەر باوکی، بە سست و بێئیرادە و بێزەبر وێنای دەکێشێت. لە تێکڕای نووسینەکانی ئۆجالاندا، وێنا و کەسێتیی باوکی هێندە کاڵ و دوورە، وەک بێژی بە دەرکەوتە و بەرهەمهێنراوێکی دەوڵەتی بزانێت، کە دەوڵەت دایوەشاندووە. بۆیە هەمیشە لە گفتوگۆکانیدا

دەیسرێتەوە. ئەو دەڵێت: بێدەسەڵاتیی باوکم بە لای منەوە کێشە بوو. تەنانەت جارێک بەردبارانی دەکات. ئەو دەڵێت: کاتێک زانیم شەڕێکی جیهانیی گەورەم دژی خێزانەکەم بەرپا کردووە... تاکە چارەسەر بەجێهێشتنی دێ بوو، بەجێم هێشت. ئەو ئەم یاخیبوونە بە خەونی هەڵفڕین لێک دەداتەوە. پاڵەوان گەرەکە بە شێوەیەکی تراژیک گرێکوێرەی «من کێم؟» بکاتەوە:

بە گوتنی «کوردستان داگیر کراوە!» کەوتمەڕێ. وەختێک ئەمەم گوت، بێهۆش کەوتم.

دەکرێت پەکەکە ئەو دایبابە خەیاڵییە بێت کە وەڵامی پرسیاری «من کێم؟» دەداتەوە. پێشەکیی پێرسپێکتیڤەکانی ڕێبەر ئۆجالان بۆ کۆنگرەی ١٢ـی پەکەکە ئەم دۆخە دەنوێنێتەوە:

دەمەوێت بە تەوەری «ئاگایی و ناسنامەی بوونی کورد» دەست پێ بکەم. بە پرسیارە باوەکانی وەک: کوردان هەن یان نین؟ ئەگەر هەن، تا چ ئاستێک گەیشتوون بە ئاستی بوون؟ لەوەش گرنگتر، ئەم بوونە و ئازادیی، تا چ ڕادەیەک لێک ئاڵاون و تا چ ئاستێک بەدیهاتنی یەکتر دەرەخسێنن؟». پەکەکە تەڤگەری بوون و سەلماندنی بوونی کورد و کردنەوەی دەرگای ئازادییە.

شرۆڤەکانی ڕانک بۆ پێگەی عوسابییەکان، لە نێو دەزگای خێزاندا لە ڕێی ئوستوورەی پاڵەوانییەوە، وەک ئیگۆیەکی جەمعیی تاوتوێ کراوە. لە ڕوانگەی ئەم تێزەوە هاوسەنگیی دەروونیی مرۆڤ، گرێدراوی لەبیرکردن و زاڵبوونە بە سەر خەیاڵەکانی منداڵییدا. ڕێبەر ئاپۆ چەندین جار وتبووی: من ناپاکیی لە

خەونەکانی منداڵییم ناکەم. بۆیە ڕەنگە کەسانی عوسابیی بە بیچم گەورە بن، لێ بە دەروونێکی منداڵانەوە دەژین و خەیاڵەکانیان درووستکردنەوەی خەیاڵەکانی منداڵییە.

لەدایکبوونەی ئەم پاڵەوانانە لە ژان و ئاڵۆزیی ئاڵاوە و پێشگۆکان وەک شووم و مەترسیی بۆ سەر دەسەڵاتی باوک لێی دەڕوانن. سەرەتا لای منداڵ، دایباب تاقانە سەرچاوەی ئیمان و باوەڕن. منداڵ هەوڵ دەدات لەگەڵیان هاوشووناس بێت و دەستی بە پێگەی ئەوانڕا بگات. ئیتر کەم کەم دەکەوێتە بەراورد و لێکدانەوە و لای ڕانک دژبەرێتیی سێکسیی لێرەدا ڕۆڵ دەگێڕێت، کە دەکرێت وەک هەستی چەپاندنی کورد و بێبەشکردنی لە گشت شتێکی دایک «سرووشت» لەلایەن دەوڵەت «باوک»ەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت:

یەکەمین جار کە خۆم بە کەمزانی و خۆم بچووک بینی، ئەو کاتە دەستی پێ کرد کە بە بێدەنگیی لە زمانی دایک، واتە لە زمانی کوردیی، دوور کەوتمەوە و لە زمانی تورکیی نزیک بوومەوە، کە زمانی خاوەن ئیمتیازات بوو.

ڤلادیمیر نابۆکۆڤ بەم زانینەی دەوت: مووچڕکە، هۆکاری ئەم گرژییانەش، «ئاوڕنەدانەوە و نادیدەگرتنی پاڵەوانە!» وەک کەمبڵ لە پێناسی کۆسپەکانی سەرەڕێی پاڵەواندا دەبێژێت؛ باوک دوژمنێکی نموونەیی دێرینە، ئەو پێی وایە بە درێژایی مێژوو هەموو دوژمنەکان لە «ناهۆشمەندیی»دا سیمبوڵی باوکن و هەر لەبەر ئەم ئایدیای باوکێتییە هەمیشە و هەردەم دەکوژرێت.

سا منداڵ ڕوو دەکاتە داتاشینی مێژووی ڕاستەقینەی خۆی، کە

بەپێی ئەم تێزە بە خێزانی خەیاڵیی ناودێر دەکرێت و سەرەتا لە یارییە منداڵانەکاندا دەردەکەوێت: کوردان بۆ گەڕان بۆ ناسنامەی خۆیان لە ماوەی دەسەڵاتە کۆلۆنیاڵیست و ئیمپریالیستەکاندا، وەک منداڵدانێکی گەرم و تاریک و ئەشکەوتئاسا، ڕوویان لە گەمە و یاریی و چیرۆکی فۆلکلۆری و شایی نا. هیرۆدۆت، لە چیرۆکی میدیادا باسی منداڵێتیی پاشاکان دەکات: «بە منداڵیی گەمەی پاشاپاشایەنەیان دەکرد». ڕانک پێی وایە ئەم عوسابییانە ئەو منداڵانەن وا باوکیان سەرکوێریان کردوون و ئەوانیش بەم خەیاڵانە تۆڵەیان لێ دەکەنەوە؛ «نووسینەوەی مێژوویەکی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کورد وەک نەوەی چیاکانی زاگرۆس – تۆرۆس» وەک تۆڵەی ئەو منداڵە لە باوکی خۆی دەنوێنێت: لەدایکبوونەوە لە ژنێکی پاکیزە، ئەو دەڵێت:

لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم ئورفا بە ئوور ناو دەبەن، کە مانای مەملەکەتی شوێنە بەرزەکان دەبەخشێت، ئورفا خاوەنی مێژوویەکی شارستانییەتە کە بۆ سالانی ٢٠٠٠پ.ز دەگەڕێتەوە. مێژووی شارستانییەت لێرەوە دەست پێ دەکات. دواتر لە یۆنان، لەوێشەوە بۆ ڕۆما و ئەورووپا بڵاو بوویەوە، ئێستاش ئەمریکا وەری گرت، ئەوەی بۆ ئێمە ماوەتەوە، خڵتەکەیەتی.

ڕانک واتەنی ئەمە گەورەترین تۆڵەیە لەو باوکەی ناوی شارستانییەتی سەرمایەدارییە. «وەک چۆن سارگۆن پاش گەڕانەوەی لە تەنیشت دایکێکی پاکیزەی پەرەستگەی ڤێستاوە دەوەستێت.» پەکەکە لە ئەنقەرە لەدایک دەبێت، لە نێوماڵی باوکێکی لە

ئوستوورەهەڵژەنراو، هەر ئەو دەوڵەتە قەشە ئاگۆستین بە ناسرووشتیی و سەرچاوەی گوناهی دەزانی. پاشان «گەشتی ناسنامە»ـە بەرەو سرووشت و ئەشکەوتەکان، بەرەو دایبابی خەیاڵیی دەست پێ دەکات: زۆرینەی ئەم ئوستوورە پاڵەوان – تەوەرانە بە ئوستوورەی هەتاویی ناودێر دەکرێن، بەو پێودانگەی پاڵەوان «شارستانییەت – باوک» دەکوژێت و لەگەڵ دایکی «سرووشت» دەبێتەوە یەک. ڕانک لە پەڕتووکی تراومای لەدایکبووندا پێی وایە؛ دەروونپەشێویی بەرەنجامی ئەو چەپۆکە سۆزدارییەیە وا منداڵ هاوکاتی لەدایکبوون و هەڵبڕانی لە دایک ئەزموونی دەکات.

## خاکی بەڵێن یان خاکی خوێن

دەگەڕێمەوە بۆ نیگای نێو وێنەکە: کە نیگای میستاگۆگ(i)ێکە و نهێنییەکە دەزانێت، هاتووە بنیامین واتەنی؛ کۆمەڵێک پنت لە چنگی دەسەڵات ڕزگار بکات، کە لێرەدا ئێمە وەک ڕۆحی دیۆنیسۆسیی دەیبینین و خودی ئۆجالان ئەو خاکە بە بەهەشت ناودێر دەکات. تەنانەت لە بەرگی یەکەمی پارێزنامەکەشیدا ئاماژە بەوە دەکات؛ نیچە دیۆنیسۆسی لەبری زیۆس هەڵبژاردووە و منیش ژیانی دیۆنیسۆسییم خۆش دەوێت. ڕەنگە پڕکێشی بێت گەر بێژین؛ هەزاران ساڵی بندەستی ئەم منداڵە تاریک و لێڵ و دوور و تەمومژاویی و کەسنەدیوە، وەک چەپێنراوی نێو شارستانییەتی

(i) Mystagogos

سـەرمایەداریی ڕۆڵـی گێڕابێـت، فرۆیـد واتەنـی لەهەرکـوێ ئید/ئـەم منداڵە هەبووبێت، ئیگۆ/شارستانییەتی سـەرمایەدارییش ئامادە بووە.

کەمبڵ پێی وایـە زەوی پیـرۆز لـە جیبەکـی تـرە و ئێمـە سـەرپاک هاوئاهەنگییمان بە سرووشـت لەدەسـت داوە. ئەو دەڵێت؛ ئوسـتوورە «نوێبوونەوە»ـیە. ئارنۆڵد توینبی جارێکیان لـە باسـی هەڵوەشـانەوە و دامەزراندنـەوەی شارسـتانییەتدا وتبووی؛ گەڕانـەوە بۆ بەهەشـتی گریمانەیـی لەدەسـتچوو، نـە دروشـم و پەیمانـە بۆ ئایینـدە، بەڵکوو لەدایکبوونەوەیە؛ لەدایکبوونـەوەی شـتێکی نـوێ.

وێنـای بـاوک لـەو سـرووتە تەوتەمییانـەی ڕۆژانـە وەک وێـردی ئایینیی دەوترێنـەوە: «چەنـد خۆشـبەختە ئـەوەی دەڵێت مـن تورکـم/ یـەک زمـان، یـەک نەتـەوە، یـەک ئـاڵا» داسـەپاون، پاڵەوانەکـە کـەی دێتـەوە؟ ئـەو کاتـەی بـاوک «باخچەلیـی و ئایدۆلۆژیـای ئێتیحادوتەرەقیـی نێـو دەوڵـەت» پیـر و لەرزۆکـن و پانتاییـەک بـۆ سـەرچڵیی پـەرە پـێ دەدات.

بەپێـی چانـدی کـوردی پەیڕەوکارانـی میتـرا، یەزدانـی خۆیـان لـە ئەشـکەوتی زۆر تاریکـدا دەپەرەسـت، گوایـە لەوێـڕا ئەهریمـەن دەشـاردرێتەوە و لـە نـوور و ڕووناکیـی هەڵدێـن، ئەشـکەوتەکانی میترایی سەرشـارن لـە هێمـای گوڵـی نیلۆفـەڕ و ئەسـتێرەی سـوور. وەک هەڵکـەوت و نواندنەوەیەکـی کەلتووریـی ئەسـتێرەی سـوور و یـەژا سـتار بەشـێکن لـە چاندی پەنجا ساڵەی پەکەکـە، وەک بێژیـت هـەر نوانـدەوەی ئـەو ئەسـتێرە کێشـراوانەی نێـو ئەشـکەوتەکانی کوردسـتان بـن دژ بـە دەسـەڵاتی خـۆر و میتافیزیکـی دەسـەڵات. لـە

گەلێک چاند و زماندا شۆڕش Revolution بە واتای گەڕانەوەی ئەستێرەکانیش دێت. لەچاندی میترایییدا ئەستێرەکان فرە و هەمەچەشنن و بەڕێوەبردنی فرەیی دەنوێننەوە، پێچەوانەی خۆر کە یەک و ستوونیی و تاقانەیە. زەکەریای قادری پێی وایە؛ پێچەوانەی ئاهورامەزدا کە یەکەم ئافرێنراوی پیاو «کیومەرس» بوو، یەکەمین ئافرێنراوی میترا ژنە، ئۆجالانیش مێژووی کوردان بۆ یەکەمین ژنەخواوەند «عەشتار» دەباتەوە و هاوبێژەکەی بە «ستەرک و ستێرک و ئەستێرە» دەزانێت:

ئەستێرەیان بۆ یەکەمین ژنە خواوەند کردووەتە هێما، گوتەی ستاریش بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە.

هەر ئەو ئەستێرەیەی پاڵەوانی شانامەی کوردیی سوێندی پێ دەخوات:

ستارەی ڕووی زات گەردوون گەوامەن

مەزانۆ من زات شێران جەلامەن

ئۆجالانی دەڵێت؛ پێیان دەوتم شەیدای چۆڵ و چیا و ئەمە وەک ژیانی دیۆنیسۆسیی لێک دەداتەوە. بە منداڵیی دەچێتە ئەشکەوتی گوندەکەی و ئاوی تێت و پاناوکە(i) دڵی خۆش دەکەن، خۆی واتەنی وەک موگناتیس ئەشکەوتەکە ڕایدەکێشێت. کەمبڵ ئەمە ناو دەنێت دابڕان لە جیهانی ڕۆژانەیی و پێهەڵگرتن بەرەو جیهانێکی سەیروسەمەرە، میرچا ئەلیادەش پێی دەوت هەڵگەڕانەوە بۆ پانتایی و خولگەی موقەدەس!

---

(i) تێت – پاناوکە: شوێنی گلێربوونەوەی باراناو لە چاڵاوی نێو تاوێردا.

سـەربار؛ دەمانەوێت ئـەوە بسـەلمێنین کـە تێکـڕای ژیانـی کـورد هەڵهاتـن بـووە لـە پەرگاڵـە ئوسـتوورەتەوەر و یەزدانسـالارەکان.

پاڵـەوان هەمیشـە ڕۆژ «خۆر»ـێکە و سـەری لـە ئاو دەرهێنـاوە. کەمبڵ پێـی وایـە گەڕانـەوە هـەر دەبێـت ڕوو بـدات، پاڵەوانـەکان لـە کۆتاییدا باوکیـان دەکوژن و دەبنـەوە بە خـۆر و دەچنـە سـەر هەمـان تەختـی پاشـایەتیی بـاوک. چواندیـان بـە خـۆر گوزارشـتە لـە «باوک و دەسـەڵاتی پلەداریی»، وەک چـۆن سـوورەیای باوکـی کارنـا، خـۆرە. خـوای هەرسـێ ئاییـنە ئیبراهیمییەکـە خۆیـان بـە خـۆر نـاو دەبـەن و سـوێندی پـێ دەخـۆن. فرۆیـد مووسـا بـە بەشـێک لـە کەلتـووری ئاتوونـی خـوای خـۆر دەزانێـت، زیـۆس لـە پەیڤـی diosـەوە دێـت، کـە بـە واتـای «درەخشـان»ـە، ئۆدیـب بـە کوشـتنی ئەبولهـەول، تەختـی پاشـایەتی تیبسـی وەدەسـت هانـی. ئەمـە بۆ ئوسـتوورەی لەدایکبوونی شاخوەشـین و باوەیادگاریـش ڕاسـتە. سـەرهەڵدانی خـۆر و پاڵـەوان لـە بیچمـی هەتـاودا، بەپێـی تێزەکانـی ئوسـتوورەناسـیی، بـە واتـای جێگرتنـەوەی بـاوک و ئاواکردنـی سیسـتەمی پلەداریـی و شـەریعەت ڕێسـا میتافیزیکییەکانـە.

ئەهریمەنـی زەردەشـت هەمـان میتـرای ناهیرارشـیی کوردییـە، لـە گاتاکانـدا میتـرا وەک بەزێنـەری خـۆر «پاڵەوانـی خۆرتـەوەر» وێنـا کێشـراوە، ئۆجـالان لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا کاتێـک وەک چارەنووسـی تێکـڕای پاڵەوانـەکان بـە «ڕۆژ و عەلـی» ناودێـر دەکرێـت، کـە دوو هێمـای پاڵەوانـی خۆرتـەورن، لەناوداماڵینـی خـۆ لـە ئاسـۆی بوونـەوە بـە بـاوک کـەی دەسـت پـێ دەکات؟ ئەودەمـەی دەسـتبەرداری

دەوڵەتگەرایی دەبێت و ساڵگارێک پاش ئەوەش ڕاستەوڕاست خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە: فەسخ! ئەو لە دوا مانیفێستۆی خۆیدا دەڵێت:

ئاپۆ، مەسیحێک نییە لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، ڕێبەرێکە، بە ڕەنج و کۆششی کۆمەڵایەتیی خۆی ئافراندووە... ٥٠ ساڵە بە ئێوە، بە پەکەکە دەڵێم. هەرچەند هەوڵ بدەن بمکەن بە مەسیح و جانەوەر، لەدەستم ڕزگار نابن.

لە نێو کوردانی دێریندا جەژنی پاشاگەردان هەیە، دەمەدەمی نەورۆز هەموو یاساکان پێچەوانە دەبنەوە و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تێکڕای بەرپرسیارێتییەکان لە کەرنەڤاڵێکدا ئاڵوگۆڕ و پێچەوانە دەکرێنەوە. هیرۆدۆت دەڵێت؛ مادەکان پەیڕەوییان لە میترا دەکرد، ئەم چاندە بەپێی ڕاستینەی زەمینیی و ئاسۆیی و پەیمانێکی جڤاکی بەڕێوە دەچوو، نەک فەڕی یەزدانیی و ئاسمانیی و پلەداریی ستوونیی و یەکتایی: «ئاهوورامەزدا و الله و هتد...»، جا باڵکێشیشە کە میترا خواوەندی پەیمانە و دڵی بەردێکدا لەدایک دەبێت، لەنێو سرووشت، هرتسفێڵد مار بە تەوتەمی مادەکان دەزانێت کە خشۆک و ئاسۆیی، کاتی گاکوژیی، لەگەڵ میترایە، بە زمانی مادیی «خشە» بە واتای پاشای زەمینیش دێت نەک ئاسمان، بە گوتەی بنونیست ئەمە وشەیەکی مادییە و هاوواتای هێز و زەمینیشە. ئەم بێژەیە لە چاندی پاڵەوانە کوردییەکانیشدا وەک کۆنەستێک هەیە: ئەوەتا پاڵەوانە ئوستوورەییەکانی نێو شانامەی کوردیی پاش گەڕانەوە، کاتێک داوایان لێ دەکەن ببنە پاشا بە دەستەواژەی: پادشا جە لام وێنەی مشتێ خاک، دیشکەم

لـە دەسـەڵاتی ناوەندیـی پاشـایەتیی دەکـەن:

کەیکاوس نە لام چووین مشتێ خاکەن

چە پەروام ژە حوکم شای بێباکەن

سەربار؛ ئاپۆ–پەکەکە ئەو منداڵەیە کە گەڕاوەتەوە، تا لە سەرچاوەی دەسـەڵاتی سیاسـیی بپرسـێت؟ پاسـاو و شـەرعییەتەکەی لـە کوێـڕا بـۆ نێـو لەپـی کۆمەڵێـک مـرۆڤ باوێـژ دەکرێـت و بـۆ کۆمەڵێکـی تـر نـا! پەکەکە ڕەنگە گەرەکی بێت وەڵامـی پرسـیارەکەی ئاگۆسـتین بداتـەوە: بۆچـی دەبێت کۆمەڵێک بەسـەر کۆمەڵێکـی تـرەوە سـەروەر بـن؟ ئـەو دۆخـەی کەمبڵ و یۆنـگ و میرچا ئێلیـادە پێیـان دەوت؛ تێپەڕیـن.

لـەم ڕوانگـەوە ڕووداوێکـی تـر ئـەم بۆچوونانـە دەسـەلمێنن، ئەویـش نمایشـی چەکسـووتانی گەریلاکانـی پەکەکـە بـوو. لـە تێـزە ئوسـتوورەییەکانی نورتـرووپ فرایـدا، ئەمـە وەک خولگـەی سـووڕانەوەی وەرزەکانیش لێک دراوەتـەوە، پێرفۆرمانسـەکە بـە کۆ وەک یـەک شـاهێما دەجووڵێتـەوە: شـاهێمای ئوسـتوورەی پاڵەوانیی لای ڕانـک: «یـەک کردە و جووڵـە دووپات دەکەنـەوە»، دابەزیـن بۆ لای دەوڵـەت «بـاوک» و گەڕانـەوە بـۆ ئەشـکەوت؛ جاسـەنە: زێ. کەمبڵ بەمـەی دەوت؛ گەڕانـەوەی شـادیهێن. ئۆتـۆ ڕانـک پێـی وایـە ئەمـە گەڕانەوەیـە بۆ منداڵـدان و تاریکایی ڕەحمـی دایک. کاتێک لـە دیوی دەرەوە لـە زارکی ئەشـکەوتەکە دەڕوانیت، وەک دەمـی زێ و دەروازەیـەک بـەرەو تاریکاییەکـی میترایی دێتـە بـەر دیدە: تاریکایـی منداڵـدان و زێـی دایـک!

بەپێی تێزێک کـە زەکەریای قادریی زۆر پـەرەی دەداتێ؛ دەکرێت

بێژین؛ ژیانی سیاسیی و کەلتووریی پەکەکە، پتر تەرێزگرتنە لە ڕووناکاییی دەسەڵاتی میتافیزیکیی و ئاسمانیی و داکشانیی بۆ ژیانی میتراییی و زەمینییی: «کۆمۆن دژ بە دەوڵەت – نەتەوە»، بەم پێودانگە داکشان بۆ نێو ئەشکەوت و تونێلە تووناوتوون و پێچەڵپێچەکان، داکشانێکی نەستەکییە بۆ لای دایکی گەورەی یۆنگیی و فەڕی دایکێتیی کوردیی، هەروەتر هەڤاڵێتییە لەگەڵ ئوستوورەکانی وەک هادێس و شاماران؛ کە هەردوو لە تاریکاییی ئەشکەوت یان بەپێی گۆشەنیگای میتراییی لە «میهراو، میحراب»دا دەژێن. بەپێی کاسیر دیۆنیسۆس وەرگێڕانی یۆنانیی زاگرۆسە و سەمای دیۆنیسۆسیش هەمان هەڵپەڕکێی پاش حەوت قۆناغی ئایینی میترایییە، هەربۆیە شانەوشانی مار وەک «خوای پەیمان و زەمیین»، گا لە وێنەی بەشێک لە دەسەڵاتی ئاسمانیی/هیرارشیی دەکەنە قوربانیی. سەربار؛ سەرتاپێی ململانێی تەڤگەری هاوچەرخی سیاسیی کوردیی لەگەڵ پەرگاڵە هیرارشییەکان، بریتییە لە ململانێی نێوان ئوستوورەسازیی: دەوڵەت – نەتەوە و ئوستوورەشکێنیی: کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیی و ژیانی کۆمۆناڵ.

# سەرچاوەکان:

اسطورەی تولد قهرمان، اوتو رانک، ترجمە، مهرناز مصباح
دیدگاکان بۆ کۆنگرەی دوانزەهەمینی پەکەکە، ئاژانسی فورات نیوز (ANF)
مۆدێرنیتەی دیموکراتیی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، عەبدوڵا ئۆجالان، پەڕتووکی یەکەم
مۆدێرنیتەی دیموکراتیی و کێشەکانی تێپەڕاندنی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی – پەرتووکی دووەم، عەبدوڵا ئۆجالان
ئەو خۆرەی لە ئیمراڵییەوە هەڵدێت
عقل سیاسی ایرانی و هویت خواهی کوردها، د. هێرش قادری
نضم اهورایی و تازش اهریمینی، د. هێرش قادری
کتێبی پێنجەمی نێگەتیڤ، دەروونشیکاریی تایبەت بە زیگمۆند فرۆید
پاڵەوانی هەزارڕوو، جۆزێف کەمبڵ، و، سەلاح حەسەن پاڵەوان
بۆچی ئۆدیب باوکی خۆی خۆش دەوێ؟ ئی جەیمز لێبەرمان. و: سوورێن ئیبراهیم، پێگەی نێگەتیڤ
پەیوەندیی ئایینی میترا لەتەک ئیزەدی و یارسان و پیرشالیار، د. هێرش قادریی
شانامەی کوردیی، گردوکۆ، سیاوەش گودەرزیی
یەزدان و دەوڵەت، باکۆنین، و، هەژێن
هیگڵ پێشەکییەکی زۆر کورت، پیتەر سینگەر، لە ئینگلیزییەوە؛ هاوار بەرزنجیی
قدرت موسس، حاکمیت یا سیاست، فاطمه صادقی

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،


### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کۆژین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلا موحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم وزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com